ئامرازی (ـ ە) ی خستنە سەرو چەند روونکردنەوەیەکی زمانەوانی

د. کوردستان موکریانی

پێشەکی

ئەم بابەتە زمانەوانی‌یە بەشێکە لەو لێکۆلینەوەیەم ، کە لەژێر نێوی (ئامرازەکانی خستنە سەر لە زمانی کوردی) دایە وە لە گۆڤاری زانکۆ ، ژمارە ـ ١ ، بەرگی ـ ٤ ، سالی ١٩٧٨ دا چاپکراوە.

لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ئەم بەشە بلاودەکەمەوە : ـ

یەکەم ـ گرنگی و کەم باس‌کردنی ئەرکی رێزمانی ئەم ئامرازە .

دووەم ـ ئەم بەشە . وەك کەرەستەیەك بێت بۆ پەراوێزەکان ، کە سێ بەشی ئەم وتارەم دەگرێتەوە ، کە بۆ راست کردنەوەو روون‌کردنەوەی ئەو بیرو را سەرپێی‌یانە تەرخان‌کراوە ، کە دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دەربارەی ئەم ئامرازەی لە ژمارە (٧٠)ی سالی (١٩٧٨)ی رۆشنبیری نوێدا بلاوی کردۆتەوە وە لە دوا بەرهەمیشیدا (رێزمانی کوردی) دووبارەی‌کردۆتەوە .

ئامرازی (ـ ە)ی خستنە سەر

ئامرازی خستنە سەری (ـ ە) وەکو ئامرازی (ـ ی ، ـ ێ) .... (١) دیارخەرو دیارخراو بە یەکەوە دەبەستێت وە دەوری خستنەسەرو دانەپال دەگێرێ .

ئامرازی خستنە سەری (ـ ە) لەنێو زمانە ئێرانێکاندا تەنێ لە زمانی کوردی‌دا بەدی دەکرێت . ئەمەش تایبەتێتی زمانی کوردی لە ئامرازەکانی خستنەسەردا دەردەخا .

زمانەوانانی کوردناسی رۆژئاواو زمانەوانانی کورد لە بەرهەمەکانیاندا لەگەل ئەوەی بە دەگمەن باسی ئەم ئامرازەیان کردووە ، ئەو تاك‌و تەرایەی پەنجەیان بۆ راکێشاوە چەندین بیروڕایان دەربارەی نێونان‌و رۆلی مۆرفۆلۆژی‌و کاتی پەیدا بوون‌و بەکارهێنانی ئەم ئامرازە هەیە ، بۆ وێنە :

مامۆستا د. ن. مەکەنزی لەو باوەرەدایە ، کەوا (ـ ە) ئامرازێکە بۆ پێك‌هێنانی ووشەی لێکدراوی‌ئاوەلە (open kommound) ،...(٢)

مامۆستایان جەمال‌جەلال‌و ئی . مەکارۆس لەبەرهەمەکەیاندا باسی رۆلی مۆرفۆلۆژی ئامرازی (ـ ە) یان کردووە ... (٣) . مامۆستایانی نێوبراو لەو باوەرەدان ، کەوا ئەم ئامرازە تەنێ لەو کاتەدا بەکار دێت ، کە دیارخەر (attributive) ناسراو بێت . بەواتە نیشانەی ناسیاری (ـ ەکە)ی پێوە لکاوبێت هەروا لەو بارەشدا ، کە جێ‌نێوی نیشانە (ئەم و ئەو) بکەونە پێش دیارخراوەوە (dependenb member) وە تەواوکەرەکەیان بە دیارخەرەوە بلکێ لەشێوەی (ئەو ... ە) ، (ئەم ... ە) دا ، بەلام ئەوەی لێکۆلینەوە بۆمی‌روون کردۆتەوە ئەوەیە ، کە ئامرازی خستنە سەر (ـ ە)وە نەبێ هەر لەم دوو دۆخانەی سەرەوەدا بەدی بکرێ، بەلکو لە هێندێ باری دیشدا بە دیار دەکەوێ ، کە تا ئێستا هیچ نووسەرێکی کوردقامکی بۆ رانەکێشاوە .

لە ووشەی لێکدراوی دیارخەری خستنە سەردا ، کە بەهۆی ئامرازی (ـ ە) پێك دێت ، دیارخراو هەمیشە کۆتایی بەخال دێت (مەبەست لە ووشەی کۆتایی هاتوو بەخال ئەو ووشەیەیە ، کە هیچ نیشانەیەکی رێزمانی پێوە نەلکابێت ، وەك نیشانەی ناسیاری نەنەسیاری ..)

١ ـ دیارخە رکۆتایی بەخال دێ ، بۆ وێنە :

کورە لادێی کەمێك بیری کردەوە (١٠ چیرۆك ، ٨٤) بەم شێوەیە شاعیری گەورەی کورد عبداللە گۆران رووی گوفتار ئەکاتە کچە کورد .. (رۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٥٨ ـ ٥٩ ، ل ـ ٦٠)

٢ ـ دیارخەر کۆتایی بە نیشانەی ناسیاری ئاك

(ـەكە) وە كە لەگەڵ نیشانەی كۆدا دەبێ (ـەكان) دێ . ئەم دۆخە لەچاو دۆخەكانی دی زۆرتر بەكار دێت :

مەگەر هەر دۆستە دڵخوازەكەی زەمانی كورتێنیم
نە پێشەنگی سەرقافڵەكەی جوانتر بوایە . (هەمیشە بەهار ــ ٦٠)

ژنە دڵسۆزەكەی لەپە ساوارێكی گەڵێك بەتامی بۆ لێنابوو (كڵافەیەك ژانی تورە ــ ٦٦)

چاوە قاوەیەكانی وەك‌شێت دەرپەری (سمكۆڵی ئەهریمەن ــ ١٩)

منیش خۆم وا دەرخست ، كە ئاگاداری قسە پچرپچرەكانی ئەو نیم (گەردەلوول ــ ٣١)

٣ ــ دیارخەر كۆتایی بە نیشانەی نەناسیاری (ــ یك) دی ١٠٠؟ بۆ وێنە :

كورە پاشایەكی چینی بۆچی سەبارەت بەشیرینی
هەرمەنی لە كوردستانێدا كێوان هەڵ دەكەنێ ؟
(شیرین‌و فەرهاد ، ١٢)

كۆمەڵە شاخێك سەخت‌و گەردن كەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە .. باوەش (گۆران)

٤ ــ دیارخەر كۆتایی بە (ــ ە)ێ ، تەواوكەر وەیا پاشبەندی جێ‌سەبوی نیشانەیە ، (ئەو) بۆ دوور ، (ئەم) بۆ نزیك .

جێ نێوی نیشانەو پاشبەندەكەی لەگەڵ ووشەی لێكدراوی دیارخەری خستنە سەردا بەم شێوەیە دەبێ : (ئەو ... ە) ، (ئەم ... ە) ، بۆ وێنە ... (٥)

عیسا هاو دەنگەكانی خۆی كۆكردەوەو چوونە سەر ئەو دژمنە بەهێزە (مێژووی میرانی سۆران ــ ٤)

پێشكەش بۆ : ئەو گیانە پیرۆزانەی لە پێناوی هونەری جوانا فرمێسك‌و ئارەقەی زۆریان رشتوە (فرمێسك‌و هونەر)

ئەم هەستیارە پایەبەرزە بەهۆی فێربوونی ئەو زمانەوە دەروازەی هەموو جۆرە هونەرێكی وێژەیی بە جارێكی لەسەر كرابۆوە (دیوانی شیخ ئەحمەدی جزیری ــ ٦)

لێرەدا پێویستە ئەمە روون‌بكرێتەوە ، كەوا ئەم ئامرازە لە شێوەی كرمانجی ژووروو‌شدا لەم دۆخەی لەسەرەوە باسكراوادا بە دی دەكرێ ، بۆ وێنە :

ئەف چیرۆكە ئاڤدارە ژهەر چار كەناریت كوردستانێ
بەهەمی زارافێت كوردی هەیە (مەم‌و زین ، ٢٠٨)

پەراوێزو سەرچاوە :

١ ــ بۆ روون‌كردنەوەی ئەركی رێزمانی ئامرازی (ــ ی) خستنە سەر تەماشای لێكۆڵینەوەكەم بكەن ، كە بە نێوی (ئامرازەكانی خستنەسەر لە زمانی كوردیدا)یە ، لە گۆڤاری زانكۆ ، ژمارە ــ ١ ــ ، بەرگی ــ ٤ ــ ، ١٩٧٨دا بلاوكراوەتەوە وە بەم جۆرە باسی (ــ ێ)م لەلاپەرە (١٥٩)ی گۆڤاری نێوبراودا كردووە :

[لە هێندێك لەو هەرێمانەی ، كە بە شێوەی كرمانجی خواروو دەدوێن ، وەك كۆیێ ، دەشتی هەولێرێ ، رەواندزێ‌و بنگردێ ئەم ئامرازە بەكاردێت ، هەروا لەنێو دەقی فۆلكلۆری‌دا ئەم نیشانەیە فرەیە ، بۆ وێنە :

دەچمە ماڵێ خاڵم
ئایشەگوڵ خوشكێ بابمە
ئەوڕۆ زەینێ خۆ بەدمێ قەنتەرەی ماڵێ بابێ حەیرانی ...
(كۆمەڵێك لاولو حەیران ــ ١٠٦)]

هەروا لەپەراوێزی لاپەرە (٥٦ و ٥٧)دا لەنامەی دكتۆراكەمدا بەوێنە باسی ئامرازی (ــ ێ)م كردووەو لەگەڵ كرمانجی ژووروودا بەراوردم كردووە . هۆی نەبوونیشی لە كورتەی نامەی دكتۆراكەمدا یەكەم : لەبەر ئەوەیە نامەكە خۆی كورتەو شوێنی باسكردنی هەموو باسێكی ووردی تێدا نابێتەوە ، دووەم : نامەكەم وە نەبێ بە تایبەت لەسەر ئامرازی (ــ ێ) خستنە سەر بێت ، كە بە نەبوونی لەوێدا بەهەلەیەكی گەورەی زمانەوانی بدرێتە قەڵەم‌و لەلاپەرە (٢٢٢)ی (رێزمانی كوردی)دا د. ئەورحمان بڵێت :

[لە هەندێ ناوچەی سۆراندا نیشانەی (ــ ێ) ش ئیزافە ساز دەكا . وەك :

بابی شمماڵ ئاگا گیرە
لەسەر سینگی ئەنووم تیرە

جێگەی سەرسوڕمانە ، كە د. كوردستان هەستی بەو تایبەتی‌تی‌یە ئاشكرایەی مەڵبەندەكەی خۆی نەكردووە] .

وەك لە كاتی بلاوكردنەوەی بەرهەمەكانمدا دیارە من چەندین ساڵ پێش دكتۆر ئەورەحمان باسی ئامرازی (ــ ێ) خستنە سەرم كردووە وە هەستم بە رۆڵی رێزمانی كردووە لە مەڵبەندەكەی خۆمدا ، بەڵگەشم

ئەم دوو بەرهەمە ڕێزمانییانەی ژووروون ، کە بە وێنە بۆ خوێنەرانم هێناونەتەوە ، نەك بۆ دکتۆر ئەورەحمان ، چونکە دکتۆر بەر لە چاپدانی کتێبە ڕێزمانییەکەیدا بە ساڵێك چاوی بە لێکۆڵینەوەکەم کەوتووە ئاگاداری هەموو لایەنێکی بابەتەکە بووە .. بەڵگەشم بۆ ئەو ڕاستییە ئەم ووتەیەی خۆیەتی ، کە لە لاپەرە (٣٢٦)دا لە ڕێزمانی کوردی)دا دەڵی :

(ئەم وتارەی لەم دواییەدا د. کوردستانی موکریانی بەناوی « ئامرازەکانی خستنە سەر لە زمانی کوردیدا » وە لە ژمارە ١ی بەرگی ٤ی ساڵی ١٩٧٨ی گۆڤاری زانکۆدا بڵاوکردەوە بە داخەوە فریای ئەوە نەکەوت لەم نووسینەماندا لێی بدوێین . جا هیوامانە لە هەلێکی دیدا بیروڕامان سەبارەت بەو کارەش دەربڕین) .

ئایا دەبێ ڕاست بێ د. ئەورەحمان بەماوەی یەك ساڵ فریای لێ دووانی ئەم لێکۆڵینەوەیەم نەکەوتبێ . ؟ ! وەیا بە لێ نەدووان لێی مەبەستێکی دی هەبووبێ .. ؟

٢ ــ بڕوانە د. ن. مەکەنزی ، دیراسەتی دیالێکتەکانی کوردی ، بەرگی ١ ، لەندەن ، ١٩٦١ ، ٦٤ .

٣ ــ جەمال جەلال و ی. مەکارۆس ، بنچینەی دیالێکتی کوردی لە سلێمانی ، مەشیگان ، ١٩٦٧ ، ١٢١

٤ ــ د. ئەورەحمان دەربارەی بوون و نەبوونی نیشانەی (ــ ێك) لەمبارەدا لەنێو کورتەی نامەی دکتۆرێکەمدا لەلاپەرە (٢٢٥)ی بەرهەمەکەی خۆیدا، کە (ڕێزمانیکوردی)یە نووسیویەتی :

(د. کوردستان بۆ ئەوە چووە ، کە لە حاڵەتی ئیزافەدا بە یاریدەی نیشانەی (ــ ە) پێکهاتوودا ، ئەگەر دیارخەر ئاوەڵناو بێ ، دەتوانێ نیشانەی (ــ ەکە)ی ناسیاوی تاك و (ــ ەکان)ی نیشانەی ناسیاوی کۆ وجێناوی نیشاندان و (ــ ە) نیشانەی ناسیاوی « ل ١٣ » وەربگرێ .

کەچی دەرکی بەوە نەکردووە ، کە لەحاڵەتی ناوبراودا دیارخەر دەتوانێ نیشانەی نەناسیاویش وەر بگرێ ، بە وێنە :

کچە کوردێك دڵ پێی شاد بێ
وەك فریشتە پەریزاد بێ (گۆران ، ب ، لـ٣٥)

ئەز بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە دروستکراوە بەم جۆرە وەرامم دەدەمەوە :

یەکەم : لەمخاڵەدا نەنوسراوە گەر دیارخەر ئاوەڵناو بێ ، بەڵکو گەر دیارخەر ناو بێ ، بڕوانە ، کورتەی نامەی دکتۆراکەم ، ل ــ ١٣ ، دێری سێیەم . ــ

دووەم : ئەم تێبینییە دکتۆر ئەورەحمان خۆی بۆ منی دروست کردووە ، چونکە من لە شوێنی خۆیدا بەواتا لە لاپەرە (١٣)ی کورتەی نامەی دکتۆراکەمدا باسی ئەو دۆخەم کردووە ، کە د. ئەورەحمان دەڵێ کوردستان دەرکی پێ نەکردووە. وە ئەم ڕستەیەی خوارەوەشم بە وێنەی بەڵگە هێناوەتەوە ، جا نازانم بۆ دکتۆر ئەورەحمان دەڵێ کوردستان دەرکی پێنەکردووە ! ؟ !

وێنەکە :

ڕۆژێکی مەلا لەراوێدا پۆلە مراوییەکی لە گۆمێکیدا دەبینێ (کورتەی نامەی دکتۆراکەم ، ل ــ ١٣) .

سێیەم : بەڵگەی سێیەمم لەبوونی ئەم نیشانەیەدا لەشوێنی خۆیدا د. ئەورەحمان خۆیەتی .

د. ئەورەحمان لە لاپەرە (٢٢٤)ی بەرهەمەکەیدا بەم جۆرە پەردە لەسەر تێبنییەکەی خۆی هەڵدەداتەوە دەڵێ :

« دیسان نووسەر (کە مەبەستی منە) تەنیا (ــ ەك) بە نیشانەی نەناسیاوی داناوە ، کەچی ئەو ڕستەیەی پاش دێریك بۆ سەلماندنی ڕاکەی هێناوەتەوە (ڕۆژێکی مەلا لە ڕاویدا پۆلە مراوییەکی لە گۆمێکیدا دەبینێ) دەبینین (ڕێك) تێیدا نیشانەی نەناسیاوییە ... ل ــ ١٣»

ئەم ڕەخنەیەی د. ئەورەحمان ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا من لەلاپەرە (١٣)دا نیشانەی نەناسیاریم لەگەڵ دیارخەردا هێناوەتەوە لەکاتێکدا ، کە ئامرازی خستنە سەر (ــ ە)یە .

بۆ نووسینی نیشانەی نەناسیاری بە (ــ ەك) نەك (ــ ێك) دەڵێم :

لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا وە زۆربەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خوارووودا بۆ باری نەناسیاری نیشانەی (ــ ەك) بەکاردێت . منیش بۆ مەبەستی یەکگرتن و یەکخستنی نیشانەکە لە بڕێتی (ــ ێك) (ــ ەك)م نووسیوە . کە ئەمەشیان لەرووی بزوێن و نەبزوێنی کۆتایی ئەو ووشەیەی ، کە پێوەی دەلکێت دەگۆڕی و لە شێوەی ـێك و ـیەك دا

دەبێ ، هەر وەکو لەم وێنەیەدا بەرچاو دەکەوێ (پوڵە مراوییێك)وەیا (پوڵە مراوییەك) .

ه ـ دەربارەی شوێنی ئەو (ـ ە)یەی ، کە تەواوکەر وەیا پاشبەندی جێناوی نیشانە ، (ئەم) و (ئەو) دکتۆر ئەورەحمان دەڵێ :

[ئەو (ـ ە)یە بە دیارخراوەوە دەلکێ نەك بە دیارخەرەوە کەچی نووسەر (کە مەبەستی منە) وای داناوە ، کە دەچێتە سەر دیارخەر ، بروانە : د. ئەورەحمان ، رێزمانی کوردی ل. ٢٢٤)] .

بە بەڵگەی زمانەوانی دووپاتی دەکەمەوە ، کەوا ئەو (ە)یەی ، کە پاشبەندی جێنێوی نیشانەی (ئەم)و (ئەو)ە بە دیارخەرەوە دەلکێ . بۆ وێنە :

(منداڵی زیرەك) ووشەیەکی لێکدراوی دیارخەرییە منداڵی زیرەك هات . رستەیەکی سادەی فرەیە .

لەم رستەیەی سەرەوەدا ، کە جێنێوی نیشانەو پاشبەندەکەی (ئەو . . . ە) ی لەگەڵ بەکار دێت لەم شێوەیەدا دەبێ :

ئەو منداڵە زیرەکە هات .

لەم رستەیەی ژووروودا (زیرەك) دیارخەرە .

ئەو (ـ ە)ی پێوەی لکاوە پاشبەندی جێنێوەکەیە .

(منداڵ) نێوی دیارخراوە ، (ـ ە)ی ، کە پێوەی لکاوە ئامرازی خستنە سەرە .

« ئەو کابرایە ئاسنگەرە هاورێی منە »

ئەم رستەیەی ژووروووم لەنێو نامەی دکتۆراکەمدا بە بەڵگە هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەرکی ئامرازی خستنە سەری (ـ ە) . با بزانین دکتۆر ئەورەحمان بەرامبەر ئەم رستەیە دەڵێ چی ؟ !

(ئەو (ـە)یەی بە دوای وشەی «کابرایە»دا هاتووە بەر لە هەموو شتێك ، بێ ئەویش رستەکە ساز دەبێ واتە دەتواندرێ بوترێ (ئەو کابرا ئاسنگەرە هاورێی منە) .

بەڵێ دکتۆر ئەورەحمان هەتا ئێرە راستە ، بەڵام لەبەر ئەوەی من باسی (ـە) خستنەسەر دەکەم هەر دەبێ باسی ئەو بارەیان بکەم ، کە (ـە)ی پێوە دەلکێ ، نەك ئەو بارەی تۆ باسی دەکەیت .

د. ئەورەحمان لە هەڵسەنگاندنی ئەم رستەیەدا بەردەوام دەبێ و دەڵێ :

[ـ جگە لەوە ئەگەر نووسەر مەبەستی لە (ـە)ی کۆتایی وشەی (کابرایە) بێ ئەوە نەك لە حاڵەتی ئیزافەدا بەڵکو لە حاڵەتی تریشدا هەر جێناوەکە تەواو دەکات وەك کە دەگوترێ . (ئەو کابرایە رۆیشت) . لێرەدا هیچ ئیزافەش لە گۆر ێنییە .]

هەر وەکو لە نامەی دکتۆراکەمدا گوتوومە (ـە)ی پاشبەندی (ئەو) بە دیارخەرەوە دەلکێ ، لە کاتێکدا ، کە باسی ووشەی لێکدراوی دیارخەری دەکەم ، کە ئەویش « کابرای ئاسنگەر »ە .

دکتۆر ئەورەحمان لەم باسەدا بەردەوام دەبێ و دەنووسێ :

(خۆ ئەگەر مەبەستی د. کوردستان (ـە) کۆتایی وشەی « ئاسنگەرە » بێت ، ئەوە لەوێشدا هەر تەواوکەری جێناوی نیشاندانە جا بێتو هێز لەسەر ووشەی ئاسنگەرە دابنرێ ، ئەوە دەبێتە خەبەرو (ـە)ش دەبێتە کرداری بێهێز . لەم حاڵەتەدا لەدوا وشەی « ئاسنگەرە »وە دەبێ فاریزە دابنرێ .)

بەڵێ مەبەستی من (ـە)ی کۆتایی وشەی « ئاسنگەرە » هەر وەکو لەپێشوودا روونم کردۆتەوە .

لێرەدا هیچ هێزێك لەسەر ئاسنگەر نییە ، چونکە رستەی (ئەو کابرایە ئاسنگەرە هاورێی منە) رستەیەکی سادەیە ، پێویستیشی بە فاریزە نییە ، چونکە فاریزە لە رستەی لێکدراو و تێکەڵدا دادەنرێ، هەروەکو دیارە ئەم رستەیە تاکە رستەیەکەو سادەیە ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناتوانی فاریزەی بۆ دانییت .

ئاسانترین رێ بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو (ـە)ی بە کۆتایی ووشەی (کابرا)ی رستەی (ئەو کابرایە ئاسنگەرە هاورێی منە)دا لکاوە ، ئامرازی خستنەسەرە لابردنی (ئەو.....ە)یە لە رستەدا ، کە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە :

کابرای ئاسنگەر هاورێی منە .

لێرەدا ئامرازی (ـی) خستنە سەر یەکسەر شوێنی ئامرازی (ـە)ی خستنە سەری گرتەوەو پێویستی بە هیچ روونکردنەوەیەکیتر ناکات ، چونکە ئەم شی کردنەوەیەی ژووروو راسترین رێگەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ ، کەوا ئەو (ـە)ی بە کابراوە لکاوە ئامرازی خستنە سەرە هەروەکو من لە نامەی دکتۆراکەمدا باسم کردبوو وە لەم ووتارەشدا بە بەڵگەی رێزمانی روونم کردەوە .